**ئازاد ئارمان لەوەڵامی پرسیارەکانی " دەنگەکان " دا**

**دەنگەکان**: پاش ئەم گۆرانکارییە سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بە سەر مرۆڤایەتی هاتووە، ئاسۆیەکی تر، گەرانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە؟

**ئازاد ئارمان**: سەرەتا پێم باشە دەست خۆشانەی گەرم لە بەرێز هاورێ گۆران بکەم بۆ ئەم رێزلێنانەی لە کارل مارکس و مارکسیزمی گرتووە، هەروەها بۆ وروژاندنی ئەم باسە لە ناو چەپی کوردستان کە لەم رۆژگارێکی وەکو ئەمرۆ گرنگی زۆری هەیە.

لە راستی دا ئەوە لە لای هەمووەمان ڕۆشنە لە دوای تێپەربوونی سەدەو نیوێک بە سەر گەشە و تەمەنی زیاتری سەرمایەداری لە جیهان دا و هەروەها دوای تێپەربوونی زیاتر لە 150 ساڵ بە سەر نووسین و بڵاوبوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیستدا و هەروەها 122 ساڵ بە سەر کۆچی دوایی کارل مارکس دا گەلێ گۆرانکاری و ڕووداوی گەورە و بچووک ڕوویان داوە بە سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا. کە گومانی تیا نی یە ئەم گۆرانکاری یانە، لایەنی بۆزەتیف و نەگەتیفی هەبووە لە سەر تێکرای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. کە جێگای خۆیەتی لێرە دا دەست نیشانی چەند دانەیەکیان بکەین، لایەنی کەم لە 100 ساڵی رابردوودا ئێمە شاهێدی ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم، جەنگی جیهانی دووەم، جەنگی ڤێتنام، جەنگی نێوان وولاتە ئیمپریالیستی یەکان لە دژی گەلانی ژێردەستە...هتد کە بووە هۆی کوژرانی ملیۆنەها مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان. هەروەها وێران بوونی چەندین شارو شارۆچەکە و ئاوەرەبوونی سەدەها هەزار مرۆڤ لە هەر پێنج قارەی دونیا.

لە گۆشەیەکی ترەوە ئێمە گەواهدەری ئەوەین لە سەدەو نیوی رابردوودا مێژووی مرۆڤایەتی چەندین داستانی شۆڕشگێرانەیان تۆمارکردووە لە دژی زالمان و چەوسێنەران. لەوانە بە دەسەڵات گەیشتنی کرێکارانی فەرەنسا (کۆمۆنەی پاریس) لە سەدەی نۆزدەهەم دا، شۆڕشی ڕووسیا، بە دەسەڵات گەیشتنی کرێکارانی ڕووسیا بە ڕێبەرایەتی و جەسووری پارتی کرێکارانی سۆسیالیست_دیموکراتی (بەلشەفیەکان) لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا، شۆڕشی ئەلمانیا لە ساڵی 1918_1923 ، شۆڕشی ئیسپانیا لە ساڵی 1936، شۆڕشی ئێران لە ساڵی 1979

،گۆرانکاری لە ڕووسیا و شۆرش لە ئەوروپای ڕۆژهەلات لە ساڵانی 1989-1991، شۆڕشەکانی نەتەوە چەوساوەکان لە دژی ئیمپریالیزم وەکو ڤێتنام ، کوبا، جەزائیر، هندستان، عێراق ...هتد. ئەمانەی سەرەوە بەشێکە لە ڕووداو گۆرانکاریەکانی سەدەی رابردوو.

ئەگەر بە دیاریکراویش بگەڕێمەوە بۆ بەشی دووەمی وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە، بە بۆچوونی من مارکسیزم مۆری خۆی داوە لە سەدەکانی رابردوودا بە تایبەتیش سەدەی بیستەم، یەکێک لە ڕووداوە هەرە گەورەکانی ئەو سەدەیە شۆڕشی ئوکتۆبەر بوو.

لە هەزارەی سێیەم دا، مارکسیزم زۆر زیاتر لە سەدەکانی رابردوو زەروورەتی پەیدا کردووە، چۆن؟ ئەو کاتەی مارکسی بە هاورێیەتی لە گەل ئەنگلس (مانیفێستی کۆمۆنیست) یان نووسی سەرمایەداری لە بەشێک لە کیشوەری ئەوروپا گەشەی سەند، بەڵام ئەمرۆ سەرمایەداری لە هەر پێنج قارەی دونیا پەلو پۆی هاوێشتووە و ئەمرۆ بە هۆی بوونی ئەم سیستەمەوە کورەی زەوی کەوتۆتە بەر خەتەرەوە. لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە چینی کرێکار بەراورد ناکرێ بەسەدەکانی رابردوودا. کە جیاوازییەکە زۆر گەورەیە. چینی کرێکاری وڵاتێکی پیشەسازی وەکو سین یاخود ئەلمانیا یەکسانە بە تەواوی چینی کرێکاری جیهان کە مارکس و ئەنگلس باسی دەکەن لە مانیفێست دا.

لە هەموو ڕوویەکەوە ئەزمەکانی سەرمایەداری زۆر گەورەتر و قولتر بۆتەوە ، دووبارە داگیرکردنەوەی وڵاتان، شەڕی ناوچەیی و سەرتاسەری، ململانێی نیوان وڵاتە ئیمپریالیستەکان لە سەر دابەش کردنەوەی جیهان، کێشەی نەتەوایەتی ، کێشەی ئافرەتان، مەسەلەی ژینگە، مەسەلەی خواردن، شەڕی ئەستێرەکان....هتد.

ئەمانە و چەندانی تر ئەمرۆ سیستەمی سەرمایەداری نەک هەر ئەلتەرناتیفی بۆی نی یە، بەڵکو هەر خودی ئەم سیستەمە سەرچاوەکەیەتی. لینین سەدەی بیستەمی ناو لێنا سەدەی جەنگ و شۆڕش، بۆ ئێمەش سەدەی بیست و یەکەم سەدەی جەنگی ئیمپریالیستی و جیهانگیری سەرمایەداری یە، لە بەرامبەریشی دا بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشی بەردەوام.

ئەگەر مەبەست لە گەرانەوە بۆ مارکیسزم ئەوە بێت، جۆرەکانی سۆسیالیزمی بۆرژوازی هەرەسی هێناوە یان تووشی شکستی سیاسی گەورە بووە، ئەوە بۆ ئێمە سۆسیالیستە شۆڕشگێرەکان زۆر لە مێژە خۆمان لەم رەوتانە جیاکردۆتەوە و سێ چارەگە سەدەیە ی خاوەنی مێژوویەکی ترین. جیاوازە لە مێژووی ستالینیزم و کائوتسکیزم ماویزم و سۆسیالیزمی نەتەوەیی وڵاتانی جیهانی سێ یەم.

**ئازاد ئارمان لەوەڵامی پرسیارەکانی " دەنگەکان " دا**

**دەنگەکان**: ئایا مارکسیزم، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست داوە، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست و یەکدا بسەلمێنێ؟

**ئازاد ئارمان**: لە ڕوانگەی لیبرالییەوە تازەگەی لە مارکسیزم ، یانی دەست هەڵگرتن لە ناوەرۆکە شۆڕشگێرییەکەی ، یانی وەلانانی بیرۆکەی دەسەڵاتی کرێکاران ( دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) ، یانی قسە نەکردن لە شۆڕش، یانی خۆگەنجاندن لە گەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی پەرلەمانی ( دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی) ، بە کورتی یانی باس نەکردن لە سەرەو ژێر کردنی ئەم نیزامە پێچەوانەیە کە دەسەڵاتی کەمایەتییە بە سەر زۆرینەی کۆمەڵگادا بە زەبری دەزگاکانی سەرکوت (سوپا، پۆلیس، ئاسایش، دادوەر) دەسەپێنێ.

بەڵام تازەگەری لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە مانایەکی تری هەیە. ئێمە پێدادە گرین لە سەر ئەم ووتە ناودارەی ئەنگلس کاتی دەڵێت "مارکسیزم بیرۆکەیەکی دۆگما نی یە، بەڵکو ڕێگاچارەی عەمەلە" هەروەها لەهەمان کاتدا ئێمە ئەم بیرۆکەیە ڕەتدەکەینەوە کە پێی وایە ئەبێ ووتەکانی مارکس بە پیرۆز رابگرین، ئەم بۆچوونە تێروانینێکی مەتریالیستی نییە زۆرتر مەزهەبی یە. مارکسیزم بۆ ئێمە تیوری بەرەنگاربوونەوەیە بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری، بەڵکو لەمەش گرنگ تر مارکسیزم تیوری سەرکەوتنی چینی کرێکارە.

بناغەی چینایەتی مارکسیزم ، ململانێی چینایەتی یە لە کۆمەڵگادا. فەلسەفە و وجودی بوون و مانەوە و تازەگەری لە مارکسیزم دا پەیوەستە بە ناکۆکی چینایەتی ، لە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیە مارکسیزم فەلسەفە و تیورێکی مردووە.

تازەگەری لە مارکسیزم دا بە بەردەوامی وجودی هەیە، لینینی مەزن لە سەدەی بیستەم دا چەندین تازەگەری لە مارکسیزم هێنا ئاراوە، بۆ نموونە تێزەکانی وەکو "ئێمپریالیزم بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری یە" هەروەها " تێزەکانی نیسان" بەر لە ڕوودانی شۆرشی ئوکتۆبەر دا، هەروەها باسەکانی لیۆن ترۆتسکی سەبارەت بە "شۆڕشی بەردەوام" یان تێزەکانی تری سەبارەت سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەوروپا لە سییەکانی سەدەی بیستەم دا. ئەمانەو چەندانی تر تازەگەرین لە مارکسیزم دا.

لە ڕۆژگاری ئەمرۆشدا سۆسیالیستەکان خاوەنی ئەم تازەگەری یەن. بە کورتی کێشەی ئەمرۆی مارکسیزم لە هەژاری تیوری دا نی یە، ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن ئەی بۆچی

مارکسیزم خاوەنی هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرین و فراوان نی یە، یان بۆ لە جیهان دا دەسەلاتدار نی یە؟ هۆکارەکەی هەرچیەک بێت ئەوە نی یە چونکە تازەگەری لە مارکسیزم دا نەکراوە. بزووتنەوە و چینەکەی ئێمە لە ماوەی 150 ساڵی رابردوو دا خاوەنی چەندین راپەرین و شۆرش و هەتا گرتنی دەسەلاتی سیاسی بووە.

ئەمرۆ ئەگەر چی دەسەلاتی سیاسی مان بە دەستەوە نی یە ، بەلام دەوڵەت نی یە لە دونیادا لە ژێر فشاری ئۆپۆزسیونی چەپ نەبێت، کامە داخوازی هەیە لە کام وولات دەیبینی لە سەر دەستی سۆسیالستەکان و بزووتنەوەی نارەزایەتی چینی کرێکار بەدیهاتووە. مێژووی و ململانێی چینایەتی ئێمە لە دژی بۆرژوازی دوو سەدەیە، بەلام دەسەلاتی دەرەبەگایەتی هەزار ساڵی خایاند، ئینجا بۆرژوازی شۆرشی خۆی پەرپاکرد، چینی کرێکارانی جیهان و سۆسیالیستەکان هەمان رێگەیان لە بەردەم دایە، بەرپابوونی ئەم شۆرشە حەتمیە، بەلام سەرکەوتنەکەی بەندە بە رێکخراوبوونی چینی کرێکار لە ژێر ئالای مارکسیزم دا.

**دەنگەکان**: ئەوەی لە سۆڤیەت و وولاتانی ئەورووپای رۆژهەلات روی دا، هەرەسی رژێمە عەسکەرتاریەکان بوو، بەلام لە بەر هەر هۆیەک بووبێ لە باری مێژوویەوە تا ئەمرۆش، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆباڵێکی گەورە، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا، بەرای ئێوە ئەمەی روویدا ، هەرەسی چی بوو؟

**ئازاد ئارمان**: وەکو خۆشتان لە پرسیارەکەتان دا دەست نیشانتان کردووە، ئەوەی رووی دا شکست یان رووخانی سۆسیالیزم نەبوو کە بە درێژایی دوو دەهەیە بۆرژوازی جیهانی بە گشتی بە دیاریکراویش ئیمپریالیزمی ئەمریکی بە هەموو توانایەکی یەوە هەوڵ دەدا وا لە خەلک بگەیەنێ کە کۆمۆنیزم شکستی خواردا!. لە راستیدا ئەوی شکستی هێنا سەرمایەداری دەولەتی بوو کە بە سوود وەرگرتن و لە ژێر ئالای کۆمۆنیزم دا گەورەترین کارەساتی بە سەر مرۆڤایەتی دا هێنا کە هەتا ئێستاش مارکسیستە شۆرشگێرەکان وەکو پێویست نەیانتوانیوە پشت راست بکەنەوە، ئەوەی لە رووسیا رووی دا هیچ پەیوەنێکی بە مارکسیزمی رەسەنەوە نەبوو، بەڵکو هەرەسی رەوتی ستالینیزم بوو. بۆ رۆشنکردنەوەی ئەم باسە پێویستە چاوێک بە مێژووی ئەدەبیاتی مارکسیستی ئەم سەردەمەدا بخشێنین لە سەر ئەم مەسەلەیە نووسراوە. هەر لە سەرەتای بستەکانی سالانی 1920 بە دواوە مارکسیستە شۆرشگێرەکان بە چەندین شێواز توانیان ئەوە دەست نیشان بکەن کە چارەنووسی شۆرشی ئوکتۆبەر لە بەردەم خەتەر دایە، باسەکانی لینین لە سەر بە هێزبوونی بیروکراتیزم، سیایەتی نیپ، شۆرشی جیهانی. هەروەها پێکهاتنی چەندین

فراکسیۆنی لە ناو حیزبی بەلشەفیک لەوانە: فراکسیۆنی کۆمۆنیزم، ئۆپۆزسیونی کرێکاری، ئۆپۆزسیونی چەپ...هتد. دواتریش قوتبی بوونەوەی ململانێیەکە لە نێوان ستالینیزم و ترۆتسکیزم دا.

جێگای خۆیەتی لێرە دا ئیشارە بە کارەکانی لیۆن ترۆتسکی و تۆنی کلیف بکەین کە سێ چارەگە سەدەیە راوەستان و بەرگری سەرسەختانەیان کرد لە مارکسیزمی رەسەن لە بەرامبەر مارکسیزمی درۆینەی ڕووسی و چینی و کاسترۆیی و ... هتد. هەر ئەم رابەرانە بوون توانیان هۆکارەکانی شکستی شۆرشی رووسیا دەست نیشان بکەن و ، ببێتە چەکی تیوری مارکسیزمی سەردەم بۆ سۆسیالیستەکان.

لێرەدا کاتی ئەوەمان نی یە باس لە هۆکارەکانی ئەم هەرەسە بکەین، بەلآم دەست نیشان کردنی جەوهەری ترین خاڵ بە دروست دەزانم. کرێکاران و کۆمۆنیستەکان ئەو کاتە شکیتیان خوارد، دەسەلآتی شوراکانیان لە ڕووسیا لە دەست دا کە ئاگری شۆرشی ئوکتۆبەر هەر لە ڕووسیا قەتیس مایەوە، شۆرش لە وولآتانی تر سەرنەکەوت بە تایبەتی شۆرشی ئەلمانیا. لە ئاستی ناوخۆیشدا چینی کرێکارانی ڕووسیا ئەم هێزو توانایەی نەبوو، چ لە رووی چەندایەتی یەوە چ لە رووی چۆنایەتی، دەستکەوتەکانی شۆرش زیاتر بپارێزی. ئەمانە رێگەیان خۆش کرد بۆ بە هێز بوون بیروکراتیزم و سەرەنجام لە کۆتایی سیەکان دا چینی کرێکار بە تەواوی لە دەسەلآت هێنرایە خوارەوە و سەرمایەداری دەوڵەتی جێگای گرتەوە.

ئەمەیان شکستی بزووتنەوەکەی ئێمە بوو. بەلآم ئەوەی دەگەرێتەوە بۆ هەرەسی وولآتانی بەناو سۆسیالیستی ئەورووپای ڕۆژهەلآت و ڕووسیا، ئەوە هەرەسی ئێمە نەبوو، هەرەسی ئەوانە بوو کە مێژووی خۆیان بەم بلۆکە گرێدابوو. ئەوەی لەم وولآتانە ڕووی دا دژە شۆڕش نەبوو، ڕووی دا لەم وولآتانە، ئەگەر ئەمە بوایە ئەبوایە کرێکاران بەرگری یان بکردایە؟ ئایا ئەمە مان بینی؟، بەلآم ئەوەی ئێمە بینیمان لە سالآنی 1989-1991 ڕووخانی نیمچە دیکتاتۆرەکان بوو کە بۆ ئێمەش لە روانگەی چینایەتی یەوە جێگای خۆش حالی بوو. لە دوو لایەنەوە: یەکەم : رووی راستەقینە یان دەرکەوت کە ئەوانە هیچ پەیوەندێکی یان بە مارکسیزمی شۆڕشگێرەوە نی یە و ئەمانە بە هیچ شێوەیەک درێژەی شۆڕشی ئوکتۆبەر نین. دووەم: چینی کرێکارانی ئەم وولآتانە رزگاریان بوو لەم دیکتاتۆرانە کە بە ناوی ئەوانەوە، ئەوانیان دەچەوساندەوە.

بە کورتی ئەوەی لە ڕووسیا و ئەورووپای ڕۆژهەلآت هەرەسی هێنا. ئەلگۆی سەرمایەداری دەوڵەتی بوو لە بەرامبەر بازاری ئازاد. کە کۆتایی هێنا بە جەنگی سارد کە لە نێوان ئەم دوو بلۆکە بۆ ماوەی چەندین ساڵ درێژەی هەبوو.

**دەنگەکان**: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئێوە چۆن دەڕواننە چەمکەکانی:ـ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کۆمۆنیزم؟

**ئازاد ئارمان**: وەکو کەسێکی مارکسیست ، لێکدانەوەیەکی جیاوازم نی یە بۆ چەمکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، یان بۆ کۆمۆنیزم ،لە ڕوانگەی مەتریالیستێکی مێژوویەوە باوەری تەواوم بە بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس هەیە یاخود رابەرانی تری بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە سەر چەمکی ناوبراو. بەلاّم ئەمرۆ لە ئاستی دونیا بۆرژوازی هێرش دەکاتە سەر مارکسیزم و ناو زەردی دەکات بە دیکتاتورییەت ئەمە پێویستە لە لایەن مارکسیستەکانەوە وەلاّمی بەردەوامی پێ بدرێتەوە و راستی یەکان بۆ جەماوەری ملیۆنی ڕۆشن بکرێتەوە.نابێ ڕێگە بدەین کارو کردەوەی جۆزێف ستالین و پۆل پۆت و چاوشسکۆ دایان دیکتاتۆر و نیمچە دیکتاتۆری تر تێکەل بکرێت بە مێژووی مارکسیزم و مارکسیستەکان. ئێمە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان هەر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم هێلی سیاسی خۆمان لەم جۆرە سۆسیالیزمەی سەرووی خەڵک جیاکردەوە و دەست نیشانی ئەوەمان کرد کە بە هیچ جۆرێک ستالینیزم درێژەی مێژووی شۆرشی ئوکتۆبەری ڕووسیا نی یە. لێرەدا جێگای خۆیەتی دەست نیشانی کارەکانی شۆڕشگێڕی سۆسیالیست لیۆن ترۆتسکی بکەین کە چی دەور و نەخشێکی گرنگ و مەزنی گێرا لەم بارەیەوە پێم وایە ئێمە کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمە قەرزاری ئەم پیاوەین( کەسایەتی دووەم بوو لە شۆڕشی ئوکتۆبەردا) کە ڕێگای ئەم خەباتە سەختەی بۆ ئاسان کردین. هەروەها نابێت جێگاو شوێنی کەسایەتی وەکو تۆنی کلیف مان لە بیر بچێت لە سەر هەمان مەسەلە و لە سەر شانی لیۆن ترۆتسکی چۆن توانی لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا کۆمۆنیستەکان بگەیەنێت بەم راستی یەی کە دەوڵەتی سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەلاّت سەرمایەداری دەوڵەتی یە نەک سۆسیالیزم. ئەمە لەم سەردەمەدا گەورەترین خزمەت بوو بە مارکسیزم، ئێمە بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر بە پرۆپاگەندەی بۆرژوازی لە ڕۆژگاری ئەمرۆ دا پێویستی مان بە تیوری یە مارکسیستی یەکەی تۆنی کلیفە، ناسراو بە (تێزی سەرمایەداری دەوڵەتی).

پێش ئەوەی قسەیەکی زیاتر لە سەر ئەم مەسەلەیە بکەین پێم باشە بۆچوونی مارکس و ئەنگلس لە سەر ئەم چەمکانە بخەمە ڕوو. مارکس کاتێ باسی خەباتی چینایەتی دەسەلاّتی سیاسی دەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە وەسفی دەکات: ماوەکی زۆر پێش من مێژوونووسانی بۆرژوا باسی گەشەی مێژوویی خەباتی چینایەتی یان کردووە، ئابووری زانانی بۆرژوا شیکردنەوەی ئابووری چینەکان جێگای قسەوباسیان بووە. ئەو کارەی کە من کردم شتێکی تازەیە:- یەکەم: ئەوە بووکە بوونی چینە کۆمەلاّیەتی یەکان لە قۆناغە مێژووی یەکان بە دیاریکراویش لە پەرەسەندن دان. دووەم: خەباتی چینایەتی بە

زەروورەت دەڕوات بەرەو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. سێ یەم: تەنها بە خودی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەتوانری قۆناغی کۆتایی بێت کە تەواوی چینەکان لەناو دەچن وکۆمەڵگایەکی بێ چین و چەوسانەوە پێکدێت. مارکس ئیرادەگەریانە ئەمەی لە بیر کردنەوەی خۆی دا بە دەست نەهێنا، بەڵکو ئەوە کرێکارانی پاریس بوو لە سەردەمانی کۆمۆن، تێگەیشتن لەوەی بەبێ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناتوانن دەسەڵاتی کۆن لە ناوبەرن و دونیایەکی باشتر بەدیبێنن. با بزانین ئەنگلس لەوەڵامدانەوە بە پرسیارێک لەم بارەیەوە دەڵێت چی: ئایا دەکرێ ملکایەتی تایبەتی بە ڕێگایەکی ئاشتی یانە لەنێو ببرێ؟ وەڵامی ئەنگلس بەم شێوەیە " زۆر باش بوو ئەگەر ئەمە ببوایە، بێگومان کۆمۆنیستەکان لەم حاڵەدا دوایین کەسانێکن کە نارەوایەتی دەردەبڕن. کۆمۆنیستەکان زۆر بە باشی لەوە تێگەیشتوون کە هەموو پیلانگێڕی یەکان نەک هەر بێ سوودە و بێ کەڵکە، بگرە زیان بەخشە. ئەوان چاک دەزانن کە شۆڕشەکان لە خۆوە و بە ئەنقەست ڕوو نادەن، بەڵکو لە هەموو کات و شوێنێکدا زادەی لە چار نەهاتووی هەلومەرجێکە کە بە دەرە لە ئیرادە و ڕێبەرایەتی حیزبەکان و چینەکانە. بەڵام ئەوان دەبینن ک گەشەی پرۆلیتاریا بە شێوەیەکی دڕندانە لە هەموو وولاتانی موتەمەددندا سەرکوت دەکرێ، نەیارانی کۆمۆنیستەکان بەم کارەیان هەلومەرج بەرەو شۆڕش پاڵپێوە دەنێن، ئەگەر پرۆلیتاریا، سەرئەنجام ناچار کرا کە شۆڕش بکا، ئەو کات کۆمۆنیستەکان، هەر وەکو چۆن ئێستا بە گفتار دەیکەن بە کردەوە بەرگری سەرسەختانە لە پرۆلیتاریا دەکەین". هەروەها زۆر بە کورتی ئەنگلس سەبارەت بە کۆمۆنیزم دەڵێت "کۆمۆنیزم زانستی هەلومەرجی پرۆلیتاریایە" یانی زانستی رزگاری مرۆڤایەتی لە چنگ دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی بۆرژوازی و ئیمپریالیزم، هەروەها کۆمۆنیزم ئاخرین قوناغە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا پێویستی یەکی مێژووی یە ئەبێت مرۆڤایەتی بیگاتێ، بۆ گەیشتن بەم قۆناغەش بەبێ بوونی دەسەڵاتی کرێکاران ( دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) ئیمکانی نی یە. لە رۆژگاری ئەمرۆشدا یاخود لە هەزارەی سێ یەم دا ئەگەر سەیری دەسەڵاتی بۆرژوازی بکەین زۆر دڕندانەتر بەربەریانەتر لە سەدەکانی رابردوودا بە عەمەلی نیشانی داوە کە لە بەرامبەر هەر ئالوگۆرێکی شۆڕشگێرانە بە چی شێوەیەک بەربۆتە گیانی جەماوەری خەڵک، نموونەکان لە ژمارە نەهاتوون لەم بارەیەوە. گەشە و هێز و توانا و ئیمکاناتی عەسکەرتاریەتی دەسەڵاتدارانی جیهان بەراورد ناکری لە گەڵ سەدەکانی رابردوودا. بە کورتی ئەگەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیاریا یاخود کۆمۆنیزم لە سەدەکانی رابردوودا زەروورەتی هەبووبێت، ئەوە لە هەزارەی سێیەم دا بۆتە حەتمیەتێکی مێژووی، خودی سەرمایەداری ئەمەی نیشان داوە نەک ئیرادەی کۆمۆنیستەکان یان چینی کرێکار. بە بۆچوونی من تەنها دوو ڕێگە لە بەر دەم مرۆڤایەتی دا ماوە. سۆسیالیزم یان بەربەریزمی سەرمایەداری کە نزیک بە سەدەیەک لە مەو بەر شۆڕشگێڕی سۆسیالیست رۆزا لۆکسەمبۆرگ ئەمەی راگەیاند.

**دەنگەكان**: دەوری ماركسیزم لە سەر چەپی كورد لە رابردوو و ئێستادا چۆن دەبینن؟

**ئازاد ئارمان**: ماركسیزم لە رابردوودا لە كوردستان دەورێكی بەرچاوی هەبووە، خۆشەویستی و كاریگەری ماركسیزم لە كوردستان مێژوویەكی كۆنی هەیە (مەبەستم كوردستانی عێراقە). هەر لە سەرەتای ساڵانی سیەكانی سەدەی رابردوو ماركسیزم وەكو ڕەوتێكی فكری لە ناو جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵكی كوردستان ڕەگی داكوتاوە. بە دەرەجەیەك كاریگەری هەبووە لە سەر هەلومەرجی سیاسی ئەو كۆمەڵگایە، هەتا پارتە سیاسیە ڕاسترەوەكانی ئەو كاتەی كوردستان نەیان توانیوە باس لە ماركسیزم یاخود نزیكی لەم فكرەیە نەكەن. بۆ نموونە كۆنترین پارتی سیاسی ئەو كاتەی كوردستان پارتی دیموكراتی كوردستان بووە كە خۆی بە لایەنگیری ماركسیزم یان بلۆكی ڕۆژهەڵاتی زانیووە، هەروەها دروست بوونی چەندین دەستەی ماركسیستی لەو كاتەدا و پەیوەست بوونیان بە پارتی كۆمۆنیستی عێراق، لە چلەكانی سەدەی بیستەم و دروست بوونی كۆمەڵەی ماركسی–لینینی كوردستان لە حەفتاكان و ڕێكخراوی كار و كارگەران لە هەشتاكان و ڕەوتی كۆمۆنیست و هاوشێوەكانی لە نیوەی دووەمی هەشتاكان و سەرەتای نۆهەتەكان بەڵگەی كاریگەری و زیندووی ماركسیزم بووە لە كوردستان. بوونی ئەم مێژووە دەسكەوتێكە بۆ ماركسیستەكانی ئەمرۆ، سەرەرای ئەوەی ئێمە "سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەكان"، ئەم ڕێكخراوانە بە ماركسیزمی رەسەن نازانین كە زۆربەیان لە ژێر كاریگەری ڕەوتی ستالینیزم و ماویزم دا بوون .

ئەوەی دەگەرێتەوە بۆ ئێستاش ماركسیزم رەوتی زالی ناو بزووتنەوەی چەپە لە كوردستان، سەرەرای ئەوەش كە ماركسیزم خاوەنی بزووتنەوەیەكی بە هێزو هێزێكی كۆمەڵایەتی ئەوتۆ نی یە و لە قۆناغی پەرش و بڵاوی دایە و بە دەست سكتاریزمی ڕێكخراوەیی دەناڵێنێ و خاوەنی ریكخراوێكی ماركسیستی شۆڕشگێری تۆكمە نی یە.

بەڵام سەرەرای هەموو ئەوانە هێز و بزووتنەوەی چەپ كۆمەڵێ ئەركی گرنگی لە ئەستۆ دایە. هەموومان ئەم ڕاستی یە باش دەزانین كە چینی فەرمانرەوا لە كوردستان و لە سەرتاسەری عێراق بە تەواوەتی ئاسۆ و ئامانجەكانی خۆیان گرێداوە بە لولە تۆپەكانی ئیمپریالیزمی ئەمریكی. خەریكە لە سەرەوەڕا بە پالپشتی راستەوخۆی ئیمپریالیزم پایەكانی دەسەڵاتی بۆرژوازی قایم دەكەنەوە. ئەركی چەپەكا ن لە دووخاڵی سەرەكی و بنچینەی دایە : یەكەم: بەرەنگاربوونەوەی هێزی داگیركەری ئیمپریالیزمی ئەمریكی و بەریتانی . دووەم: بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی ناوخۆ. ئەمەش ئەوە لە چەپەكان دەخوازێ لەم قۆناغەدا كار بكەن بە یەكەوە لە بەرەیەكی یەكگرتوودا بۆ

سەپاندنی هەموو داخوازی یەکانی جەماوەری خەڵک. لە مافەکانی کرێکارانەوە بگرە هەتا مافەکانی ئافرەتان، مەسەلەی کورد، مەسەلەی داگیرکاری ئەمریکا، جیایی دین لە دەوڵەت ....هتد.